


# کەو لە کوردەواریدا

## (لێکۆڵینەوەیەکی کولتووری، مەیدانی، ئەکادیمییە)

پ. د. عومەر پەتی
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئەدەبیات)

«کەو لە کوردەواریدا لێکۆڵینەوەیەکی کولتووری، مەیدانی، ئەکادیمییە»، لە نووسینی مامۆستا فازیل شەوڕۆ و پێداچوونەوەی ئارام ساڵح و لە بڵاوکردنەوەی «نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن»ـە.

قەبارەکەی ١٧×٢٤سم و ژمارەی لاپەڕەکانی (٤٢٧) لاپەڕەیە و بە (١٠٠٠)دانە تیراژی بۆ کراوە و نۆرە و ساڵی چاپکردنی یەکەم و ٢٠١٧ لە دایک بوون و ٢٧١٦ کوردی و بەرانبەر بە ١٤٣٨ کۆچییە. لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٥٤٤)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە.

لەلاپەڕە (٥) لە ژێر ناوونیشانی پێشکەشە بە ڕوحی یەکەم فریادڕەسی کەو لە کوردستاندا، «صافی هیرانی»ی شاعیر؛ تەرخانکردووە.

لە لاپەڕە (٧)دا کۆپلەیەکی لە هۆنراوەی (لەتیف هەڵمەت)ی شاعیر بڵاوکردووەتەوە؛ کە دەڵێت:

**هەمیشە باسی ئازادی دەنووسێ**
**هەمیشەش**
**سەرقاڵی ڕاوکردنی**
**ماسی و**
**باڵندەیە**
**مرۆڤ.**

ئینجا لەلاپەڕە (٩-١٢) خۆی لە پێشەکییەکدا دەبینێتەوە کە لەلایەن یەکەم وەزیری ژینگەی ئێراق (٢٠٠٣-٢٠٠٤) ئەندازیار عەبدولڕەحمان سدیق نووسراوە. کە تێیدا دەڵێت: «لە بەهاری ساڵی (٢٠١٤) و لە دەوروبەری بۆنەی ساڵڕۆژی ژینگەی هەرێمدا، داوام لێکرا بۆ پێشکەشکردنی باسێک بەناوونیشانی (ژینگەی سەلامەت وەک مافێکی دەستووریی مرۆڤ)، لە هۆڵی زانکۆی کۆیە، لە دوا باسی سەر لە ئێوارەدا، لە نزیکەوە ئاشنا بووم بە بەڕێز مامۆستا (فازیل شەوڕۆ) کە بابەتێکی دوو سەعاتی بەناوی (با لەگەڵ گیانداراندا ئاشتبینەوە) پێشکەش کرد، بە شێوازێکی زۆر سەرنجڕاکێش و ناوازە کە زیاتر و زۆرتر گیانەوەرانی لای ئامادەبووان خۆشەویستتر کرد.

ئێستا کە ناوەرۆکی ئەو بابەتە و زۆر بابەتی ساڵانی پێشووتری خۆی، لە بارەی گیانداران بەگشتی و (کەو) بە تایبەتی، لە دووتوێی

ئەم کتێبەدا کۆ دەکاتەوە، بەپێویستم زانی بەشداری ئەم کارە جوانەی ئەو بم، بە وەڵامدانەوەی داوای بەڕێزیان لە نووسینی پێشەکییەک بۆ کتێبەکەی بەڕێزیان.

تا لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا نووسیویەتی: «بۆیە پێویستە وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و ئایینی و مرۆیی، ئاگاداری مافەکانی ئەو ئاژەڵ و گیاندارانە بین، کە هاوبەشی ژیان و ژینگەی ئێمەن، لەپێناوی ڕاگرتنی هاوسەنگیی ژینگەییدا. پێویستە پێوەندیمان لەگەڵیاندا پێوەندی سۆز و بەزەیی و ڕێزگرتن لە هەستیان بێت.

ئەوەش بزانین کە کوشتنی ئاژەڵ، بەبێ مەبەست، یان ئازاردانیان، یان ماندووکردنیان، یان زیندانیکردنیان، یان بەکارهێنانیان لە دەرەوەی بواری کاری خۆیاندا، قەدەغەیە و ڕێگەی پێنەدراوە.

جارێکی دی، دەستخۆشی لە (فازل شەورۆ) دەکەم بۆ ئەم کارە جوانەی، هیوای بەردەوامیی بۆ دەخوازم و ئاواتەخوازیشم ئەم کارەی لای خوێنەرانی، باش تەماشا بکرێت بە ئاراستەی پاراستنی گیانەوەران و ڕاگرتنی هاوسەنگیی ژینگەیی لە هەرێمی کوردستانی و جیهاندا؛ ١ی نیسانی ٢٠١٥ هەولێر».

لەلاپەڕە (١٣-١٧) لەژێر ناوی (حیکایەتی ئەم کتێبە) نووسەر نووسیویەتی و دەڵێت: «ژوورە ڕەشەکەی باوکم، جگە لەوەی ناندین و ئاگردانی چێشت و سندووقی کەلوپەل و زەخیرە بوو، چەند تریانەیەک قاپ و قاچاغ و گۆسکە و گۆزەڵەی تێدا بوو. لە خوار ئاگردانەکە، بەلای ڕاست، سێ کۆڵیتی مریشکی لە تەختەدار دروستکراو لە تەنیشت یەکدی پاڵیان بە دیواری دابوو، ئەو کۆڵیتانە بۆ جووجەڵە و هێلکە بوون، جار هەبوو هەریەکەی چواردە پازدە جووجەڵەی تێدا بوو.... هەموو خانووەکەمان دوو ژوور بوو، دایکم و نۆ منداڵەکەی لە ژووری بن دەرگا بووین، ژوورەکەی بەرانبەر ژوورە ڕەش، هی زڕدایکم و نۆ منداڵەکەی بوو. ژوورەکەی دایە (بەدیعە)ی زڕدایکم- بەهەشت دوا مەنزڵی بێت- چونکە ژنی بچووک بوو، کەو و سوێسکەکان، کە ئەوانیش ئازیزی باوکم بوون، بە بەر ئەو کەوتبوون. مامۆستا فازیل شەورۆ بەردەوام دەبێ لە نووسینی حیکایەتی ئەم کتێبەو لە لاپەڕە (١٥- ١٦)ی دەڵێت: «دوای عومرێک، حاڵی بووم، کە ئەوە هەر نەنکم نەبوو، لە ڕاز و نهێنی و سیحری کەو و کەوبازیی و ڕاوە کەوی کوردی تێنەگەیشتبوو، بەڵکو خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکانیشمان! من هاوڕابووم لەگەڵ بۆچوونە جوانەکەی مامۆستا (عەبدولڕەقیب یووسف)، کە دەیگوت: «کورد هەر شیعر و چیرۆک بە ئەدەب دەزانێت، ئەدی ڕشتەکانی تری ئەدەب!؟

سەت حەیف و مەخابن، ئەمڕۆ لە کوردستانی باشووردا، (٢٤) زانکۆی حکوومی و ئەهلی و دەیان پەیمانگە و مەڵبەند و ناوەندی ڕۆشنبیری هەیە، کەچی دوو کتێبمان نییە لەسەر یەک باڵندە، یەک گیاندار، یەک زیندەوەر، لە کاتێکدا تەنیا بۆ (سەگ) نزیکەی نیو ملیۆن کتێب لەسەر ڕەفەکانی کتێبخانەکانی ئەورووپا دەبینرێن! کوردستان، مەفتەنی هەزاران باڵندە و گیانداری جوان و ڕەنگاوڕەنگ بوو، هەر لەو کێوی (زاگرۆس)ەدا، نزیکەی (٢٤٠٠) ڕەگەزی گیاندار هەبووە، ئێستا (٤٠٠) ڕەگەزی نەماوە!

ڕەنگ بێ لە کوردستانی باشووردا، بەندە یەکەم کەس بووبێت، کە دەربارەی پاراستن و ڕزگاکردنی باڵندە و گیانداران دەنگی هەڵبڕیبێت و چالاکی لەم بوارەدا- نواندبێت، ئەو سیمینارەی کە لە ١٩٨٨/٤/١ لە هۆڵی مەڵبەندی گەنجان لە کۆیە بە ئامادەبوونی نزیکەی (٥٠٠) کەس ئەنجامم دا، هەروەها ئەو کۆڕەی کە لە ١٩٨٨/٤/٢٠ لە هۆڵی نەقابەی کرێکاران لە هەولێر گێڕام جوانترین دەنگدانەوەیان هەبوو!

لە ساڵی (٢٠١٤)شدا لە هۆڵی زانکۆی کۆیە، بابەتێکی دوو سەعاتیم بەناوی (با لەگەڵ گیانداران ئاشتببینەوە.) پێشکەشکرد، ئینجا ئەم کتێبەش وەک درێژەپێدەری هەمان بابەت، پێشکێش بە خوێنەرانی کورد دەکەم، بە ئومێدی دەوڵەمەندکردن و لاساییکردنەوەی لەلایەن نووسەرانی ترەوە- ئەگەر بە پەسندیان زانی- دڵنیام کە ئێوەی خوێنەر توانایی و بەهرەی باشتان تێدا هەیە ئەگەر نییەتی کارکردنی لێ بێنن. دەسا ئەم نییەتەی لێ بێنن و گیاندار و باڵندەکان چاویان لە قەڵەم و هیممەتی ئێوەیە بیانپارێزن و لە

بکوژان ڕزگاریان بکەن.

ئەم کتێبە لە (٨) هەشت بەند پێکهاتووە و هەر بەندێک چەندان بەشی لە خۆ گرتووە کە لەلاپەڕە (١٨-٣٣٤) دەست پێ دەکات، لە دوای ئەوەش پاشکۆیەکی بەناوی وێنە و نەخشە و هێڵکارییەکان تەرخان کردووە کە لاپەڕە (٣٣٧-٣٧٦)ە.

سەرەتایەکەی بە وێنەی (جووتە کەوێک) و ئەرستۆ و گیاندارەکان و پۆلێنکردنی گیانەوەران و وێنەی کەشتییەکەی نووح لە چیای جودی و تابلۆی ئەنفال و پۆلێنکردنی باڵندە و مەلەک تاووس و لۆگۆی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و کەوی بەفری و کەوی پۆپیتەدار و نەخشەی کەو لە جیهان و کۆچی کەو و کەو بوار و فڕینی کەو دایکە و بەچکەکانی و هێلانەکەو و هەستیاری کەو و کەوی کەژ و وێنەی شاعیری خوالێخۆشبوو (صافی هیرانی) و کەو و کەوبازی و چایخانەی کەوبازان لە ڕانیە و وێنەی محەمەدی کاکە مەلای لە دوکانی تۆفیقی تەنەکەچی لە کۆیە ساڵی ٢٠١٥ و شەڕە وشتر و دارەکەو لە کۆیە ٢٠١٥ و شەڕە کەو، ئینجا وێنەی کۆمەڵێک کەوباز لە کەرکووک و لە کۆیە و دواییش وێنەی کەو لە خۆڵگرتن و کەو گەرمکردن و قەفەزی دۆمانە و قەفەزی تەختە و وێنەی ڕاوچییەک و داو و کۆلک و دەسکەداو و ڕەبات و دیوەجامە و تەپکەی کەو و تۆڕی کەو ماقوڕ و کەوی مۆمیاکراو و تابلۆی شەڕە کەو و چایخانەی کەوا لە دهۆک و کەوبازانی دهۆک و شنگال و چایخانەی کەوبازان لە ڕانیە و چایخانەی کەوبازان لە کۆیە و دوا وێنەش وێنەی کەو لە هونەری هاوچەرخدا.

ئینجا لە لاپەڕە (٣٧٥-٣٩٢) فەرهەنگۆکێکی بەپێی ئەلفوبێی کوردی ڕێکخستووە کە (٢٤٦) وشەی لە خۆی گرتووە؛ لەمانە هەندێکیان هەر بە نموونە دەهێنینەوە: «بارانبەرە، باڵۆرە، بەردەکورە، بەق، بۆسە، بێر، تاڵیشک، تریانە، تۆڕ، تۆڕگ، پارگین، پەڕبازی، پەناگە، پل، پەرە، جورە، خڕەبار، دارەبەن، داڵەهۆ، داوە مسکە، دەسرۆکە، دری من، ژەرەژە، ڕاسێ، ڕاوگە، ڕەوە، زارک، زوورگ، سانتین، ستۆ، سیپە، شابار، شەپکە، شەداو، شەمچە، شەوارە، شەوفڕ، شینکە، چارۆگە، چرا ڕەشکە، چینە، گاپەڵ، گەزێ، گەندەپەڕ، گژنیژ، گلێنمە، گۆزەڵە، گیرە، گێلە کەو، فیتە، فیتوو، فیکە، قاژ، قبەقب، قەرتاڵە، قەیرە، قزگە، قوڕادە، کەبک، کەڤ، کەل، کەوە سێر، کەوە مار، کەوڕاو، کەوی کەمۆ، کۆسە، کۆلک، کۆلیت، لباد، لێرستان، مەلووچک، نوان، هێڕ، وەرد، ورتە ورت، ئاخوڕ... چەندان وشەی دیکە.

پشتی بە (١٢٨) سەرچاوە بەستووە؛ لەوانە: (٦٤) سەرچاوەی کوردی و (٥) سەرچاوەی عەرەبی و (٢٥) ڕۆژنامە و گۆڤار و کاسێت و (٣٤) سی چوار کتێب و ئینتەرنێت و ماڵپەڕ بە زمانی ئینگلیزی.

لەگەڵ (٤٤) کەسایەتی لەنێوان ساڵانی (١٩٨٣-٢٠١٦) چاوپێکەوتنی بۆ دەوڵەمەندکردنی بەرهەمەکەی ئەنجام داوە.

لە لاپەڕە (٤٠٤) شوکرانە بژێری چەند کەس و شوێنێکی کردووە؛ لەلاپەڕە (٤٠٥- ٤٠٧) ژیاننامەی نووسەری بڵاوکردووەتەوە؛ کە بریتییە لە کار و بەرهەمە چاپکراوەکانی. بۆ پێڕستە وشەش (١٤) لاپەڕەی تەرخانکردووە؛ بە پیتی (ئـ) دەست پێ دەکات و بە پیتی (و) کۆتایی پێدەهێنێت، (١٧١) وشەی لەخۆ گرتووە. لەمانە هەندێکیان ئەمانەن: «ئەرستۆ، ئەسیری، ئورفە، بار، باکووری کوردستان، باڵندە، بنە، بەچکە کەو، بێکەس، پەخشان، تاپڕ، تەپکە، خوداوەند، دیوەجامە، چایخانەی کەوبازان، چەکۆ، ڕاو، ڕاوچی، ڕک، ڕەو، ژینگە، گەلاڵە، یاسای پاراستنی گیانداران، زەردەشت، سروود، شایی و هەڵپەڕکێ، شنگال، شەرە کەو، شێخ سەلام، صافی هیرانی، عەبدولڕەقیب یووسف، عەبدوڵڵا پەشێو، فۆلکلۆر، فیتە، قزگە، قەفەزی کەو، کولتوور، کەرکووک، کەوباز، کوردستان، کوردەواری، کوورە، کۆچکردن، لاوک، لایلایە، لوڕستان، ماکەو، مەتەڵ، نوان، هونەر، هێمن، هۆبە،.... دەیان وشەی دیکەش.

لەلاپەڕە (٤٢٠-٤٢٧) ناوەرۆکی کتێبەکەی خستووەتەڕوو؛ کە دەبوو ئەم ناوەرۆکە لە سەرەتای کتێبەکە بوایە؛ لەوکاتەی کە خوێنەر لاپەڕەکانی یەکەمی ئەم بەرهەمە هەڵدەداتەوە؛ دەبێ سەیری ئەم ناوەرۆکە بکات تا بزانێت چی لەخۆی گرتووە.

له بەندی یەکەم: بەناوونیشانی له پەنجەرەیەکی بچووکەوە، جیهانێکی مەزن؛ دوایی بەناوی «ژینگەی جیهانی تەیروتوار» لێرەدا له بارەی ڕەچەڵەکی ڕەسەنی باڵدار، زانیاری تازە و نوێی خستووەتەڕوو کە بریتییە له دوایین ڕاپۆرتی زانستی کە لە (٢٠١٤/٧/٣٠)دا بڵاوکراوەتەوە، کە (١٥٠) ملیۆن ساڵ پێش ئێستا باڵدار دوا وەچەی جۆرە دایناسۆرێکە ژیاوە.

دواتر باسی «مشتێک زانیاری دەربارەی باڵندە» پێشکەش کردووە؛ لە لاپەڕە (٣٧) نووسەر دەڵێت: «حەزم کرد، ئەم مشتە زانیارییانەی کە لێرە و لەوێ، لە بارەی تەیرو تواران، بۆم هەڵکڕاندوون و هیچ گومان لە ڕاستی و دروستییاندا نییە، پێشکەشتانی بکەم».

له بەندی دووەم: بەشی یەکەم: بە ناوونیشانی «کەو» ئەم لایەنانەی خوارەوەی کەوی ڕوونکردووەتەوە: «وشەی کەو، پێناسەی کەو، قەبارەی کەو، ڕەنگی کەو، ڕەوت و فڕینی کەو، دەنگ و قاسپەی کەو، کۆچکردنی کەو، خواردن و خۆراکی کەو، ژیان و زۆربوونی کەو، دوژمنەکانی کەو، زیرەکی کەو، ڕەگەزی کەو، مەفتەنی کەو لە جیهاندا، کەو لە کوردستاندا، مشتێ زاراوەی جیهانی کەو، ڕەنگدانەوەی ناوی کەو لە فەرهەنگی کوردیدا».

له بەشی دووەم: (کەوبازی)یە و لەژێر ناوونیشانی ئەم بەشەدا باسی ئەم بابەتانەی کردووە: «کەوبازی لە کوردەواریدا، کەوی ماڵی، چایخانەی کەوبازان، شەڕەکەو، دارەی کەوان (دارە)، کەو لە خۆڵگرتن، کوورەی کەو، کەرەستەی کەوبازی، جۆرەکانی قەقەزی کەو، کەوی قاچاغ، ناوی کەوی کەوبازان».

له بەندی سێیەم: بەناوی (ڕاوە کەو) لە میانەی ئەو جۆرە ڕاوەکەوانە (٣٦) جۆر ڕاوی کوردەواری تۆمار کردووە؛ شێوازەکانی ڕاوی کوردەواری چیمان پێ دەڵێن؟ ڕاوچی کورد لە ڕاوگەدا بەسەر سێ قۆناغدا دابەش کردووە:

١- قۆناغی دوای یەکەمین جەنگی جیهان تا شۆڕشی ئەیلوول: (١٩١٩-١٩٦١).

٢- قۆناغی شۆڕشی ئەیلوول تا ڕاپەڕین. (١٩٦١-١٩٩١).

٣- قۆناغی دوای ڕاپەڕین تا ئیمڕۆ: (١٩٩١-٢٠١٦).

بەندی چوارەم: (کەو لە کولتوور و ئەدەبی کوردیدا)، بەشی یەکەم: کەو لە فۆلکلۆری کوردیدا، لێرەدا باسی ئەوەی کردووە کە لە کۆنەوە دڵداری کورد، بە دولبەرەکەی خۆی گوتووە:

**ئەگەر تۆ کەوی ئەمن کەوبازم**
**سوندت لۆ دەخۆم هەر تۆ دەخوازم**

کەو لە گۆرانیدا، دەنگی کەو، پەڕی کەو، کوڵکی کەو، دەنووکی کەو، خەت و خاڵ، چینەی کەو، ڕەوتی کەو، کەو لە بەیت و حەیراندا، کەو لە لاوکدا، کەو لە شایی و هەڵپەڕکێدا، کەو لە شین و شەپۆڕدا، کەو لە پەندی پێشینادا، کەو لە مەتەڵدا، کەو لە لایلایەدا، کەو لە مەیدانی جەنگدا، کەو لە شیعری میللی دڵداریدا، کەو لە خەوندا، کەو وەک دیاری، کەو وەک ناوی کەسی، کەو لە وەسیەتنامەدا.

بەشی دووەم: (کەو لە ئەدەبی کوردیدا)؛ لێرەدا باسی ئەمانەی کردووە: کەو لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، کەو لە شیعری نوێدا، کەو لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، کەو لە سروودا، کەو لە شیعری منداڵاندا، کەو لە چیرۆکدا، کەو لە ئەفسانەدا، کەو لە پەخشاندا، کەو لە ئەدەبیاتی سیاسیی کوردیدا.

بەشی سێیەم: (کەو لە هونەردا) بەم ناوونیشانە لەم بابەتانەی خوارەوە دواوە: کەو لە نیگارکێشیدا، پەیکەر و تاشینی کەو، کەوی مۆمیاکراو، کەو لە ڕادیۆ و شانۆ و تەمسیلدا، کەو لە ئامرازە تەکنۆلۆژیاکانی سەردەمدا، کەو لە هونەری فۆتۆدا.

له بەندی پێنجەم: (یاسای پاراستنی باڵندە و ماف و ئەرکەکانی ڕاوچییان). یاسای پاراستنی گیانداران لە جیهاندا، ژینگەی کوردستان و مافەکانی ڕاوچی، نەخشە ڕێگەی پاراستنی گیانداران و مافەکانی ڕاوچی.

بەندی شەشەم: (پرۆژەی ئینسکلۆپیدیای باڵندەکانی کوردستان).

بەندی حەوتەم: (نەخۆشییەکانی کەو) لێرەدا دوو بابەتی باس کردووە: چۆن دەزانی کەوەکەت نەخۆشە؟ چۆن کەوەکەت لە نەخۆشی دەپارێزیت؟

بەندی هەشتەم: (ئەرشیفی کەوبازان)، ڕیزبەندی ئەرشیفەکە کۆتایی: باسی چایخانەی کەوبازان لە چوارقوڕنە دەکات، ئینجا دێتە سەر حاجیاوا و شوێن و جێگەی (دارەی کەوان) لە حاجیاوا؛ پاشان

(خـــــانەقین) و دهۆک و باسی چاپخانەی کەوبازان لە دهۆک دەکات و ناوی کـەوبازەکـانی کـۆچکردووی دهۆک و ئێستای ساڵی (٢٠١٦)ی کـــردووە، ئینجـــا دێتـــە ســـەر شارۆچکەی (ڕانیە) و ناوی کەوبازە کـۆچکردووەکـانی ڕانیـە و ئەوانە لە ساڵ (٢٠١٥) لە ڕانیـە خـەریکی کــەوبازین؛ دوایی هاتووەتە ســەر شاری ڕەواندز و زاخـۆ و قـەڵادزێ و پارێزگـای سلێمـانی و شـارۆچکەی (شـــەقـــڵاوە) و (شـنـگـال) و (کەرکووک) و (کەلار) و (کۆیە) و گەلاڵە و هەریر و هەولێر.

لەپاڵ کــەوبـازانی باشـــووری کـــوردســـتـــان، دوایی دێتـە سـەر (کــــەوبـازەکـــــانی ڕۆژهەڵاتی کوردستـان) لە (مەهاباد و سـەقز و لە خـانێ و بۆکـان و ورمێ و سنە) دوایی نامـەی کەوبازەکانی باکووری کوردستـانی خستووەتەڕوو؛ لەوانە: لە (ئامـــەد و ئـەدەنـە و ئـورفـــە و ئیسـتـەنبـوڵ و ئەنقـەرە و جـەزیرە و سێرت و قزلتەپە و مێردین).

لەلاپەڕە (٣٢٩)ی نـاوی (وەسـتـا بەناوبانگەکـانی قـەفـەزسازی) کـە ژمارەیان (٢١) وەسـتـایە لە هەمـوو کـوردسـتـاندا خراوەتەڕوو؛ لە لاپەڕە (٣٣١) بەنـاوی (ئاکـام) بە (١٠) خاڵ کە بەدەستی هێناوە دەتوانین بە کــورتی و پوخــتی بەم شــێــوەیەی خوارەوە دەستنیشانیان بکەین:

١- کــوردســتــان مـــەفــتــەنێکی ڕەســـــەنی کــۆنی (کــــەو) بـووە. کـەوەکـانیـشی خـاوەن ڕەگـەزێکی سەربەخۆن.

٢- کـەسـێـتی تاکی کـورد لە مامـەڵەکـردنی لەگەڵ ئەم باڵندەیە، کەسێتییەکی شیزۆفرینیاییە.

٣- ڕژێم و داگـــیـــرکـــەرانـی کـوردسـتـان نەک بیریان لە پاراستن و خـۆشگوزەرانی ئەوان وەک هەمــوو گیانـدارانی تر نـەکـردووەتەوە، بەڵکو ڕاستـەوخۆ، یان ناڕاسـتـەوخـۆ هەوڵی قەڵاچۆکردنیانی داوە.

٤- دوای تێپەڕبوونی (٢٤) ساڵ بەســـــەر حکـومـــــەتی هەرێـمی کوردسـتـانی باشـوور و دامـەزراندنی (٨) کـابینـەی حـوکـمڕانی و دانانی وەزیری ژینگە، هیچ نەخشە و پلانی تۆکــمــەی زانســتی و ئەکــادیمی و ژینـگـەیی بـۆ پـاراسـتن و ژیـانـەوە و خۆشگوزەرانی (کەو) و گیاندارانی تری کوردستان ئەنجام نەدراوە.

٥- ڕێکخراو و کۆمـەڵە و گرووپ و دەســـتـــەکــــانی ژینگـەپارێزی کـوردسـتـان، هەوڵی باشـیـان داوە و هەنگاوی دڵســـۆزانەیـان لەم بوارەدا ناوە.

٦- هۆشـیــــاری ژینگـەی تاکی کــورد تا ئێــســـتــا زۆر نزمــە و لە ئاستێکی وێراندایە.

٧- (کـەو) بە تایبـەتی و هەمــوو گــیـانـدارانی ترمـان بەگـشـتی، لە پرۆگـــرام و بەرنامـــەی خـــوێندنی وەزارەتی پەروەردە، زۆر هەتـیـــو و بێکەس و پشتگوێ خراون.

٨- کـــەوباز و ڕاوکـــەرەکـــانی کــوردســـتـــان، توێژێکی بەرچاون لە کـۆمـەڵگەی کـوردەواریی ئەمــڕۆی کـوردسـتـان. کە بە هیچ شـێـوەیەک خـزمـەتگوزارییـەکـانیـان بۆ دابین نەکـراوە و هیچ لایەنێک ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاوڕێکی لێ نەداونەتەوە.

٩- هەرچەندە لە چەند ناوچەیەکی بچـــوکی کــوردســـتـــانـدا، جــۆرە ژینگەیەکی پارێزراو بۆ گـیـــاندار و زیندەوەرەکـــانمـان دابین کـــراوە و دەســتــخـۆشی گـەرم لە چالاکـوان و سـەرپەرشـتـیـــارانی ئەم جـێـگـەیان دەکەین.

١٠- ئەگـەر لایەنە بەرپرسـەکـانی ژینگەی کوردستان و هاووڵاتیبیان بە ڕاشکاوانە کــار بۆ نوژەنکردنەوەی ژینگە و ژیانەوەی گـــیـــاندارانی کوردستـان بکەن، ئێسـتـاش ژینگەی کوردستان لە بار و گونجاو و باشە و وێران نەبووە، کە دەستی لێ بشۆیت و وازی لێ بێنی.

لە کۆتاییدا دەستخۆشییەکی گەرم لە نووسـەر دەکـەین و هیـواداریـن لە کـــارەکـــانـیـــدا بەردەوام بێت لە خـزمـەتکردنی پاراسـتی ئەدەب و کولتووری کوردی و ژینگەپارێزی لە هەرێمی کـــوردســـتـــان و خـــەرمـــان بەرەکەت.

**سەرچاوە:**

**ناوی کـتـێب: کـەو لە کـوردەواریدا «لێکۆڵینەوەیەکی کـولتـووری، مـەیدانی، ئەکادیمییە.**

**بابەت: باڵندەناسی**

**نووسینی: فازیل شەورۆ.**

**ساڵی چاپ: ٢٠١٧.**

**چاپی: یەکەم**

**بڵاوکـردنەوەی: نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن.**